# هەرگیز نابێت. دەستکاری ئالاو و "ئەی رەقیب" بکرێت.

لە دەست پێش خەرییەکی ناوازەدا کەداوا دەکەن و لە لایەن چەند کەسانێکەوە بە داخەوە پشت گیری لێ دەکرێ بۆ گۆرینی ئالآی کوردستان و مارشی نەتەوەیی (ئەی رەقیب). کورد بۆ رەزامەندی بەقەولی ئەوان نەتەوەکانی تری خاکی کوردستان کە گوایە رەمز و مۆرکی ئەوانی تێدا نییە و دەبێ دەست کاری بکرێ , بە داخەوە لە لایەن شێرکۆ بێکەس گوایە سروودەکەیش ئامادەیە . مەگەر نازانن ئالآی کوردستان ئالآی نەتەوەیەکی 50 ملیۆنی خاك داگیر کراوە , ئالآی کوردستان هەموو بیرو باوەرو حزبەکانی کوردستان لە ژێر ئەو ئالآیە یەك دەبن و لە ئالآی هەموو حزب و پارت و رێکخراو بەرزترە و پڕ مانا ترە و سۆمای چاوی میللەتێکی خێر لە خۆ نەدیوە هەمو حەزو ئاواتەکان لە ژێر ئەو ئالآدایە و گۆرینی ئەو ئالآیە بە مانای گۆرینی پەنجا ملیۆن هەناسەو حەزو ئارەزو و بردنیان بە ئاقارێکی تردا کە قەت نابێ و ناکرێ دەست کاری ئەو ئالآیە لە کفر کفر ترە . ئایا بە شەهیدانی کوردستان پێچراو بە ئالآی کوردستان چ بلێن ؟ ئایا تەلاری پەرلەمانی کوردستان ئالآی کوردستانی لە خۆی نەپۆشی ئەی ئێستا دیدی چۆنە؟ رازیە بەم مەزهەلە سیاسیە کەنەفامان پیی هەلدەسن ؟ گۆرینی سرودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب کەشاعیری هەمیشە زیندوو لە شاری کەرکوکی پایتەختی کوردان نوسیویەتی مولکی میللەتێکە و دەست کاری کردنی بە ماناو واتای شاد کردنی ناحەزان و دڵ ڕەشان و تەمریر کردنی سیاسەتی ئەوان . مەگەر نازانن لە گەڵ لێدانی مارشی نەتەوەیی کورد هەموو جەستەمان دەبێتە گوێ و دڵ بە خورپەو خرۆشەوە گوێبیستی دەبێ . پیرو جوان و کچ و .... دڵیان لە گەڵیدا دەرەقسێ وحەماس دەیان گرێ...گۆرینی ئەو مارشە مانای ئەنفال کردن و قڕکردنی هەموو کورد دەگەیەنێ . گۆرینی ئالآ و مارشی نەتەوەیی دەبێ بزانن ئەوانە مۆرکی نەتەوەیەکن هیچ حزب و لایەنێك ناتوانێ بڕیاری گۆرینی بدا . ئێمە باوەڕی تەواومان بە بوونی نەتەوەی تر هەیە لە سەر خاکی کوردستان و ڕێزیشیان لێدەگرین، بەلآم ئەوە ناگەیەنێ کە مۆرکی نەتەوەیەك بسڕینەوە (کچی خۆمان بکەینە قوربانی کوری خەلکی) بۆیە ئەگەر بڕیاردراوە و دەبێ بکرێ پێشنیار دەکەین (ئالآو سروود) تەنها بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستانی ئێراق بێت تەنها حکومەت خۆی پابەندبێ پێیەوە , بە تەنیشت ئالآی سەربەرزی نەتەوەیی کوردستانەوە بشەکێتەوە . دەبا هەمومان سەری ڕێزو نەوازش بۆ ئالآو سرودی ئەی ڕەقیب دانەوێنین، چونکە بەراستی پێمان باشە دووپاتی بکەینەوە. ناکرێ و نابێت. دەست لەئالآو، ئەی رەقیب بدرێت. ئەوانەش کە ئەم بیرۆکەیان هێنایە کایەوە کە ئالآو و سرود بگۆڕدرێت. دەبێت جەماوەری گەلی کوردستان لەدژیان راوەستن.

ستاڤ بلاوکراوەی " بانگەشەی گۆڕان"

عەبدوللا ئەحمەد گەرمکی: خاوەنی ئیمتیاز و سەرنوسەر

عەلی شامیل نانەوا: بەڕێوەبەری نوسین

**دەستەی نوسەران**

شکور جەلال سابیر

جەلال جاف

نیهاد خۆرشید جمعە

**خورماتوو**